بافە جەلال تاڵەبانی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە: نامانووت جارێکیتر هەڵەکانی رابردو دوبارەبکرێنەوە

بافە جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە ڕایگەیاند، هەڵوێستی ئەوان لەبارەی حکومەتی نوێوە "ڕونە و نامانووت جارێکیتر هەڵەکانی رابردو دوبارەبکرێنەوە، دەبێت حکومەتی داهاتو دادپەروەرانە و دور لە هەمو بیرکردنەوەیەکی حزبی کار بە سەرجەم خەڵکی کوردستان بکات و خزمەتیان بکات".

بافە جەلال تاڵەبانی لەمیانی کۆبونەوەیەکدا لە دەباشان لەگەڵ ئەلبەرشت فۆن ڤیتکە، کونسولی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، وڵاتەکە بە قناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و پێویستە هەمولایەک کار بە بەدیهێنانی ئاشتی و ئاوەدانی لە ناوچەکە بکەن، دەبێت لە سوریای نوێدا مافی هەمولایەک بەتایبەت گەلی کورد پارێزراوبێت و هاوبەشێکی ڕاستەقینەبێت لە بڕیاردانی وڵاتەکەدا.

لەبارەی دەخی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی نوێوە، ئاماژەی بەوەکرد، "هەڵوێستی ئێمە لەبارەی حکومەتی نوێوە ڕونە و نامانووت جارێکیتر هەڵەکانی ڕابردو دوبارەبکرێنەوە، دەبێت حکومەتی داهاتو دادپەروەرانە و دور لە هەمو بیرکردنەوەیەکی حزبی کار بە سەرجەم خەڵکی کوردستان بکات و

خزمەتیان بکات".

بافە جەلال تاڵەبانی ئەوەشی وت، "ئەمە ناکۆکی و لێکترازان بەهەموشوێنێک ڕتدەکەینەوە و ئامانجمان ئاشتی و پێکەوەژیانە، بەڵام بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵک و وەامدانەوەی داواکارییە ڕواکانیان بە ئەرکی خەمان دەزانین، بێیە هیوادارین هەمو لایەنەکانیتریش بەم نییەتەوە هەنگاوبنێن و پێکەوە هەرەمەکان بەرەو ئاوەدانی و سەقامگیری ئاماستە بکەین".

لەبارەی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەوە، بافە جەلال تاڵەبانی ئاماژەی بە پشتیوانی و هاوکاریی هاوپێیمانیی نەودەوڵەتی کرد بە سەرخستنی پرسەکە و ڕایگەیاند، "یەکخستنەوەی پێشمەرگە پرسێکی نیشتمانی و چارەنوسسازە، هیوادارین ئاستەنگە حزبییەکان نەبنە بەربەست لەبەردەم پڕۆسەکە و هەمومان هەزەکی تەکمە بە کوردستانەکەمان بونیادبنێین.".